
زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی ژمارە ( ٦ )**

## دۆسێی:

# ئیمام نەجمەدین تۆفی

## هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا





نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم دیسەمبەری ٢٠١٨

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ٦ )

# دۆسێی:

# ئیمام نەجمەدین تۆفی

## هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا

نووسینی: محەممەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: دیسەمبەری ٢٠١٨

# پێشەکی

ئەو دۆسێیە تەواوکەری دۆسێی: ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! لەو دۆسێیەدا باسی هەوڵەکەی نجم الدین الطوفي [تۆفی] دەکەین، وەک یەکێ لە بەهێزترین هەوڵەکانی ڕیفۆرمی ڕەگوڕیشەیی مێژوویی لەناو ئیسلامدا. وەنەبێ هەر تەنها ئەو دوو هەوڵە درابێت لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵکو هەوڵیتریش زۆردراوە، وەک هەوڵی مەئمون و موعتەزیلە و عاریف وسۆفییە گەورەکان و دەیان هەوڵی تر لە کۆن ونوێدا.

تۆفی خاوەنی تیۆرێکی زۆر گرنگ ودەگمەنە لەناو مێژووی زانایانی ئیسلامدا، ئەویش تیۆری پێشخستنی بەرژەوەندی [المصلحة] بەسەر هەموو بەڵگەکانیتردا. تۆفی لەبەر ئەو بیروڕایە پڕ جورئەت وحیکمەتەی لەو تیۆرەدا خستیە ڕوو، تا ئەمڕۆش دووچاری هێرش و ناوزڕاندنێکی زۆر بۆتەوە، بە هەموو ئامراز وهۆکارێک هەوڵی ونکردنی ناو وکارەکانی دەدەن، لەو زنجیرە وتارە باسی تیۆرەکەی تۆفی دەکەین وکاردانەوەکانی، چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی پاسەوانانی کۆن بۆ هەر هەوڵێکی نوێخوازی لە ئیسلامدا .

وەک دیتمان چۆن کۆنخواز و تەقلیدییەکان بەرەنگاری هەوڵی ڕۆشنگەرانە و مەدەنیانەی ئیمپراتۆرێکی گەورەی وەک جەلالەدین ئەکبەری هیندستان بوونەوە، بە هەمان شێوەش بەرەنگاری ئیمام و زانایەکی گەورەی وەک تۆفی

---

[1] - دۆسێی: ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان دۆسێی ژمارە (٢)
نووسینی: محەمەد هەریری چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٨

بوونەوە لە دژی هەوڵەکانی بۆ ئیجتیهاد و نوێگەری لە ئیسلامدا هەر بە بەڵگەکانی ناو خودی ئیسلامیشدا! من هەوڵەکەی تۆفی وەک ئەڵقەیەک لە زنجیرە هەوڵەکانی نوێخوازی و هەنگاونان بەرەو مەدەنیەت و سێکیولاریزم حسێب دەکەم، ئەگەر سەرکەوتبان هەموو ڕوخساری جیهانی ئیسلامی دەگۆڕێ.

زۆرجار هەندێ لە دەقەکان ڕێگردەبن لەبەردەم کرانەوە و گۆڕان و پێشکەوتن، بۆیە کۆمەڵگا دینییەکان پێویستیان بە کەسانی بوێر و زانای وەک نەجمەدین تۆفی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی سنووری ئاسنینی دەقە پیرۆزەکان. ڕوانینی نەجمەدین تۆفی هێندە کراوە و پیشکەوتوخواز بوو، دەتوانین بڵێین کە بە دەیەها سەدە پیش کات وسەردەمی خۆی کەوتبوەوە، هەر بۆیەش لەبەر بیرۆکە بوێرەکەی لەمەر مەسڵەحەت و پێشخستنی بەسەر هەموو بەڵگەکانی شەرع دووچاری کێشەی زۆر هات، کەوتە بەر هێرشی هەموو مەزهەبەکان بە نەرم و ڕەقەوە. بە دەیان تۆمەتی وەک بە شیعەبوون، وبەبێ دینی وهەزاران تۆمەتی بێ بنەمای تر تۆمەتبارکرا.

کاتێک هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکانی ناو مێژووی ئایینی ئیسلامی دەخوێنمەوە، لە جەعدی کوڕی درهەم و غەیلانی دیمەشقیەوە واتە لەپێش موعتەزیلەوە، ئینجا هەوڵەکانی موعتەزیلە و ئەو هەموو زانا وفەیلەسوفانەی کە لە مێژووی ئیسلامدا هەوڵی ڕەگوڕێشەییان داوە. هەروەها کاتێ هەوڵێکی سیاسی بەهێزی جەلالەدین ئەکبەری ئیمپراتۆری کیشوەری هیندستان، و هەوڵی فیقهی تۆفی تاوتوێ دەکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامە تاڵەی کە ئیسلام و موسڵمانانی پەیڕەوکەر لە ئیسلامی تەقلیدی، کە زۆربەی موسڵمانان پێک دەهێنن، هەرگیز

بە چاوی ڕەزامەندی و قبولەوە نارواننە ئەو هەولاَنەی کە دەدرێت بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام وموسڵمانان لەو تەنگژە دینی ومێژوویی و تەشریعیانەی تێی کەوتوون. هەمیشە دەسەلاَتداران مەرایی وماستاویان بۆ شەقامی ئیسلامی تەقلیدی کردووە، کە بە هیچ جۆرێک ڕەزامەندیان نیشان نەداوە بە هیچ هەوڵێکی تەنویری و ڕیفۆرمخوازی. بۆیە ئەوەی ئەو هەولاَنە دەدات لە یەک کاتدا دەسەلاَت و جەماوەر پێکەوە بەرهەڵستی دەکەن، هەتا ئەو دەسەلاَتەی کە پشتگیریشی کردوە لە هەوڵە تەنویریەکان لە وێنەی خەلیفەی عەباسی مەئمون وموعتەزیلە، وجەلالەدینی ئەکبەری ئیمپراتۆری هندستان، هێزە کۆنخواز وتەقلیدییە دینییەکان بە توندترین شێوە بەرەنگاریان بوونەتەوە، توانیتیان جەماوەری ساویلکە فریو بدەن بە لۆجیکی دینی و فەتوای تەکفیرردن و دەرکردنیان لە چوارچێوەی دیندا!

بۆیە دەسەلاَتەکانی جیهانی ئیسلامی هێندە تۆقیون لە دین، هەندێ جار دەسەلاَتەکە تۆزقاڵێ ئیلتیزامی دینیشی نییە، بەلاَم وەک ماستاو ومەرایی بۆ شەقامی دینی ولە پێناو ونکردنی تەنگژە هەقیقیەکان، زۆر لە دینداره تەقلیدیەکان زیاتر و بە گوڕتر بەرهەڵستی هەوڵە تەنویری و ڕیفۆرمخوازیەکان دەکات.

زانایانی توندڕەوی حەنبەلی و میانڕەوی حەنەفی وشافیعی و ئەوانیتریش، زۆر بە پێخۆشبوونەوە باسی لێدان وسوکایەتی پێکردن و بە گوێدرێژ گێڕانی تۆفی

دەکەن لە میسر، تا ئەمڕۆش ئەو پێخۆشبوونە ناشارنەوە، کەوابوو چ هیوایەک دەبێ بۆ ئەنجامدانی هیچ جۆرە ڕیفۆرمێکی ڕەگوڕیشەیی؟!

بەڕای من ئەگەرچی هەوڵەکانی تۆفی بە ئەنجام نەگەیشتن، لەبەر بەرگری پیاوانی دینی بۆ هەموو گۆڕانکاریەک و هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازی، بەڵام کاروانی زەمەن وگۆڕان هەر هێدی هێدی کۆشک وتەلاری ئایدیۆلۆژیان دەخاتە ژێر زنجیرەکانی، بۆیە بەر لە حەوت سەد ساڵ و تا ئەمڕۆ کە بە هەوڵێکی وەک هەوڵی تۆفی ڕازی نەبوون، ڕۆژێ دێ ڕەوڕەوەی زەمەن لە دەورەوەی بیری دینی تێیان دەپەڕێنێ، ئەو کاتە زۆر مەمنوون دەبن بە دۆزینەوەکەی تۆفی و باقی ریفۆرمخوازانی مێژووی ئیسلام، بەڵام ئە کاتە کار لە کاردا ترازاوە وەک کەنیسەکانی جیهانی خۆرئاوایان لێ دێ تەنها دەبێ لە پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکانی قسە بکەن، وگۆڕەپانی سیاسەت ودەوڵەت دینی و کارەساتەکانی چۆڵ بکەن بۆ ئەوانە باشتر ئاگادار و زانان بە کاروباری دنیاوە وەک حەدیسەکەش وادەڵێ: انتم اعلم نشؤون دنیاکم!

محەممەد هەریری

٢٠١٨/١٢/١٨

# ئیمام نەجمەدین تۆفی

# هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا

## ١

ناوی سلێمان کوڕی عبدالکریمی کوڕی سعیدی تۆفییە، و ناسراوە بە نەجمەدینی تۆفی [نجم الدين الطوفي] تەمەنی لە نێوانساڵی [ ٦٥٧ - ٧١٦ کۆچی / ١٢٥٩ – ١٣١٦ زاینی] بووە، لە گوندێک بە ناوی تۆف لە عێڕاق لە دایک بووە. لە ساڵی ٦٩١ چۆتە بەغداد و بۆ خوێندنی زیاتر چووە بۆ دیمەشق و میسر، ماوەیەکیش لە مەککە ومەدینە بووە.

فەقیهێکی گەورەی حەنبەلی بووە، دەیەها کتێبی نووسیوە لە زانستە گرنگەکانی ئیسلامیدا وەک حەدیس وفیقە و تەفسیر لەوانەش:

- بغية السائل في أمهات المسائل: في أصول الدين.
- الإكسير في قواعد التفسير.
- الرياض النواضر في الأشباه والنظائر.
- معراج الوصول: في أصول الفقه.
- الذريعة إلى معرفة أسرار الشريعة.
- تحفة أهل الأدب في معرفة لسان العرب.
- الإشارات الإلهية والمباحث الأصولية.

- العذاب الواصب على أرواح النواصب.
- تعاليق على الأناجيل.
- شرح المقامات الحريرية.
- البلبل في أصول الفقه: اختصر به روضة الناظر وجنة المناظر لابن قدامة.
- موائد الحيس في فوائد امرئ القيس.
- مختصر الجامع الصحيح للترمذي: في مجلدين.

لەو ناونیشانانە دەردەکەوێت تۆفی وەک هەر فەقیهێکی تەقلیدی ئیسلامی سوونی بووە، و لە هیچ یەکێ لە عینوانی کتێبەکانی شوبهەیەک نییە ئەو تۆمەتانەی لەسەردا بسەپێنێ کە دەیاندایە پاڵی، کە دوایی بە تۆزێ بایەخەوە باسیان دەکەین و ڕای خۆشمانی لەسەر دەڵێین.

تۆفی خاوەنی تیۆرێکی زۆر گرنگ ودەگمەنە لەناو مێژووی زانایانی ئیسلامدا، ئەویش تیۆری پێشخستنی بەرژەوەندی [المصلحة] بەسەر هەموو بەڵگەکانیتردا. تۆفی لەبەر ئەو بیروڕایە پڕ جورئەت وحیکمەتەی لەو تیۆرەدا خستیە ڕوو، تا ئەمڕۆش دووچاری هێرش و ناوزڕاندنێکی زۆر بۆتەوە، بە هەموو ئامراز وهۆکارێک هەوڵی ونکردنی ناو وکارەکانی دەدەن، لەو زنجیرە وتارە باسی تیۆرەکەی تۆفی دەکەین وکاردانەوەکانی، چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی پاسەوانانی کۆن بۆ هەر هەوڵێکی نوێخوازی لە ئیسلامدا .

وەک دیتمان چۆن کۆنخواز و تەقلیدییەکان بەرەنگاری هەوڵی ڕۆشنگەرانە و مەدەنیانەی ئیمپراتۆرێکی گەورەی وەک جەلالەدین ئەکبەری هیندستان بوونەوە، بە هەمان شێوەش بەرەنگاری ئیمام و زانایەکی گەورەی وەک تۆفی

بوونەوە لە دژی هەوڵەکانی بۆ ئیجتیهاد و نوێگەری لە ئیسلامدا هەر بە بەڵگەکانی ناو خودی ئیسلامیشدا! من هەوڵەکەی تۆفی وەک ئەڵقەیەک لە زنجیرە هەوڵەکانی نوێخوازی و هەنگاونان بەرەو مەدەنیەت و سێکیولاریزم حسێب دەکەم، ئەگەر سەرکەوتبان هەموو ڕوخساری جیهانی ئیسلامی دەگۆڕێ.

هەوڵەکەی تۆفی لەو تیۆرەی پێشخستنی بەرژەوەندی بەسەر هەموو بەڵگەکانیتری شەرع چڕدەبێتەوە، کە چارەسەری (نجم الدين الطوفي) فەقیهی گەورەی سەدەی حەوتەمی کۆچیە، بۆ نوێخوازی لە ئیسلامدا و ڕزگاربوون لە زەبر و زەنگی دەقەکان.

زۆرجار هەندێ لە دەقەکان ڕێگردەبن لەبەردەم کرانەوە و گۆڕان و پێشکەوتن، بۆیە کۆمەڵگا دینییەکان پێویستیان بە کەسانی بوێر و زانای وەک نەجمەدین تۆفی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی سنووری ئاسنینی دەقە پیرۆزەکان. ڕوانینی نەجمەدین تۆفی هێندە کراوە و پیشکەوتوخواز بوو، دەتوانین بڵێین کە بە دەیەها سەدە پیش کات وسەردەمی خۆی کەوتبووەوە، هەر بۆیەش لەبەر بیرۆکە بوێرەکەی لەمەر مەسڵەحەت و پێشخستنی بەسەر هەموو بەڵگەکانی شەرع دووچاری کێشەی زۆر هات، کەوتە بەر هێرشی هەموو مەزهەبەکان بە نەرم و ڕەقەوە. بە دەیان تۆمەتی وەک بە شیعەبوون، وبەبێ دینی وهەزاران تۆمەتی بێ بنەمای تر تۆمەتبارکرا.

# پێشخستنی بەرژەوەندی [المصلحة]بەسەر هەموو بەڵگەکانیتری تەشریع

ڕای تۆفی لەمەر بەرژەوەندی [المصلحة] لە شەرعدا ڕایەکی ئیجگار دەگمەن و نوێ بوو، بۆی هەبوو ئەگەر لایەنگری خەڵکی و کەسانی خاوەن هێز ودەسەڵاتی لەگەڵ بان شارستانیەتێکی زۆر گەورە و ئینسانی لەسەردا بنیات نرابا، ژیانی موسڵمانانی زۆر پێشخستبا لە ڕووی کۆمەلأیەتی و زانستی وسیاسیەوەش. بەلأم وەک هەوڵەکانیتر لەبەر ئەوەی بونیادی دینی وفەرهەنگی خەلکەکە بە پێچەوانەی کرانەوە و ئاسانگیرکردن بۆ خەڵک داڕێژرابوو، دووچاری جۆرەها هێرشی ناڕەوا بوەوە و هەوڵەکەشیان هەر لە بێشکەدا کوشت! خۆشی خەریک بوو ژیانی لەسەردا بنێت، هەتا لە میسر دارکاریان کرد و لەسەر گوێدرێژ دەیانگەڕاند و سوکایەتیان پێ دەکرد!

بەڵێ تێزی تۆفی بۆ بەرژەوەندی جیاواز بوو لە هەموو کەسانی پێشە خۆی لەبابەتی ناکۆکی دەقی شەرعی و مەسڵەحەت. تۆفی زۆر بوێرانە ئەو ڕایەی دەربڕی کە بووە هۆی لێ تەکینەوەی هەموو هاوچەرخ و ئەوانەشی دوای سەدان ساڵ لەوەوە هاتوون!

خاڵی پڕشنگداری تێزەکەی تۆفی لەوەوەیە کە متمانەیەکی سەرتاسەری بە عەقڵی مرۆڤەوە هەیە لە دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی و زەرەرمەندی، وخوای گەورە لە ڕێگای عەقڵەوە بەرژەوەندییەکانی پێ ناساندووین نابێ وازی لێ بهێنین لەبەر هۆکارێکی لێڵ و نادیار، کە لەوانەیە ڕێگای بەرژەوەندی بێت یان نا!

# ئیسلامییەکان

# لە نێوان دژایەتی و زێر هەڵکۆڵینی!

هەڵوێستی زۆربەی ئیسلامیەکان لە تۆفی و بیرورای لە بارەی بەرژەوەندی دژە، تا ئەمرۆش تۆمەتباری دەکەن بەلادان و ئیلحاد و ڕافزیەت و لەدین لادان و ئەو شتانە، بەلآم هەندێ لە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکیتر دژایەتی دەکەن، لە ڕقی ئەوەی سێکیولارەکان ستایشی تۆفی دەکەن، پێیان ناخۆشە لە مێژووی فیقهی ئیسلامی مرۆڤێکی وا بە جورئەتی تیا هەڵکەوتبێت، بۆیە دەڵێن کاکە تۆفی موسڵمانێکی باش بووە، قەت شتی وای نەگوتوە کە عەلمانیەکان دەیدەنە پاڵی، کە گوایە بەرژەوەندی بەسەر دەقیش پەسند بکرێت ئەگەر ناکۆک بوون! ئەو تەنها دەڵێ ئەگەر دەق لاواز بوو و قەتعی نەبوو ئەو کاتە بەرژەوەندی پەسند دەکرێ و ئەو بڕووبیانوانە!  ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو تێڕوانینە دەگمەنەی تۆفی. سەیر لەوەدایە ئەگەر تۆفی وای نەگووتوە ئەو ئەو هەموو دژایەتیی کردنەی لە پای چی؟!

لەو دۆسێیە باسی تێزەکەی تۆفی دەکەین و کاردانەوەکان هیوادارم پشوو درێژبن چونکە باسێکی زۆر گرنگە ئەوە دەهێنێ بە ئارامەوە لێی وردبینەوە و بیخوێنینەوە.

# ٢

# باگراواندی بەرژەوەندی

# لە مێژووی فیقهی ئیسلامیدا

وەنەبێ بەر لە نەجمەدین تۆفی باسی بەرژەوەندی نەکرا بێت لەنێو زانایان و فەقیهانی مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامدا، بەڵکو بەرژەوەندی وەک چەمک و زاراوە بە چەندین پرۆسێسی مێژوویی تێپەڕیوە، بەلاَم لەسەر دەستی تۆفی گەیشتۆتە چڵەپۆپەی نایابکاری.

لە کۆنەوە باس وخوازی بەرژەوەندی هەبوو، فەقیهەکان هەردەم دووپاتیان دەکردەوە کە شەرع لە پێناو بەرژەوەندی ئینسان هاتووە و هەمیشە موراعات و ڕەچاوی بەرژەوەندی مرۆڤ دەکات.

ترمزی حەکیم [الترمذي الحكيم ] أبو عبد الله محمد بن علي بن الحسين الترمذي ناسراو بە الحكيم الترمذي، کە جیاوازە لە خاوەنی سنن الترمذي، لە زاناکانی سەدەی سێیەمە ساڵی لەدایکبوونی نەزانراوە بەلاَم لە ساڵی ٣٢٠ هیجری مردوە .یەکێکە لە بەرایترین کەس کە سەرنجی بۆ لای بەرژەوەندی و سوود و ئامانجەکان چووە بەشێوەیەکی فەلسەفیانەی دوور لە تێگەیشتنی فەقیهەکانی شەریعەت، چەندین کتێبی نوسیوە لە هۆکارەکانی عیبادەت و ئامانجەکانی وەک نوێژ و ئامانجەکانی [الصلاة و مقاصدها] و حەج و نهێنییەکانی [الحج و اسراره] و هۆکارەکانی شەریعەت [علل الشريعة ] و هۆکارەکانی بەندایەتی بۆ خوا [ علل العبودية] و چەندین کتێبیتر.

هەروەها ئیمامی غەزالی کە لە کتێبێکی بە ناوی المستصفی گرنگترین ئامانجە شەرعیەکانی دیاریکردوە بە پاراستنی پێنج شت: پاراستنی دین و پاراستنی گیان و عەقڵ و موڵک و ماڵ و وەچە.

هەورووەها موعتەزیلەکان یش تیۆری نرخاندنی چاک و خراپی عەقڵیان [نظرية تحسين و تقبيح العقلي] داهێنا و دەیانگووت مرۆڤ بە عەقڵ دەتوانی چاک وخراپ دەستنیشان بکات.

دەیانی تر خۆیان لە قەرەی ئەو باسە داوە وەک الامام الجويني و العز ابن عبدالسلام و الماتريدي و الامدي و القرافي، بەڵام گرنگترینیان ئیمامی الشاطبي یە کە لەدایکبووی ٥٣٨ هیجری یەکێکە لەوانەی باسی تیۆری ئامانجەکانی شەریعەتی کردوە [نظرية المقاصد] پێی وایە کە شەریعەت هاتوە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ و پاراستنی پێنج شت کە دین و گیان و وەچە و ماڵ و عەقڵە.

هەتا ابن تيميەش باسی بەرژەوەندی کردوە لەو سیاقە فیقهییە تەقلیدیەدا و لە دەقێکدا دەڵێت: شەریعەت هاتوە بۆ وەگیرخستنی بەرژەوەندی و نەهێشتنی خراپەکاری وکەمکردنەوەی، هەتا لەناو دوو خێردا خێرترینیان و لە نێو دوو خراپدا خراپترینیان پەسند دەکات.

" أن الشريعة جاءت بتحصيل المصالح وتكميلها وتعطيل المفاسد وتقليلها وأنها ترجح خير الخيرين وشر الشرين"...

[٢] - نظرية المقاصد عند الإمام الشاطبي، أحمد الريسوني، الطبعة :الثانية ١٤١٢ -هـ - ١٩٩٢م، الدار العالمية للكتاب الإسلامي. ل ٥٥ .

# جیاوازی چەمکی بەرژەوەندی

# لە نێوان تۆفی وبەراییەکان

بەلاّم کێشەی ئەو بەراییانە ئەوە بوو بەرژەوەندییان کردبوو شتێکی پاشکۆی هەموو ئەحکامەکان، دەیان کۆت وزنجیریان لێ ئاڵاند بوو، دەیان شەرت وشروتیان بۆ دانابوو، دەیان دابەش کردنیان بۆ کردبوو. بۆ نمونە بەرژەوەندیان دابەش کردبوو بۆ بەرژوەندی شەرعی و بەرژەوەندی عەقڵی دنیایی!

ئینجا بەرژەوەندیان دابەش کردبوو بۆ بەرژەوەندی زەروری و پێویست و باش و نا پێویست. ئینجا دەیانگووت نابێت بەرژەوەندی هەڤدژی بکات لەگەڵ دەقی قەتعی، بەڵکو هەتا  نابێ پێچەوانەی دەقێکی زەنیش بکات، ئەگەر دەقیکی تری زەنی پاڵپشتی کرد. ئینجا دەیانگووت ئەو بەرژەوەندیەی کە دەقێکی گشتی تایبەت دەکات دەبێت بەرژەوەندیەکی زەروری و قەتعی و هەمەکی بێت! هێندە کۆت وبەندیان بۆ بەرژەوەندیەکە دادەنا واتدەزانی برا بچووکی هەموو ئەحکامەکانە، نەوەک براگەورەیان بێت وەک لەلای تۆفی!

بەکورتی و پوختی تیۆری نەجمەدین تۆفی لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دەڵێت:

نەجمەدینی تۆفی وەک فەقیهێکی گەورەی ئسوڵی بە جۆرێکی تر بەرژەوەندی دەبینی، و بە شێوازی خۆی چەمکی بەرژەوەندی دامەزراندەوە. تۆفی بێزار ببوو لە هەموو ئەوانەی پێشی ئەو دەربارەی بەرژەوەندی و مەسڵەحەت دەیانگووت: ڕاستە قورئان وشەرع دان بە بەرژەوەندی دادەهێنن، بەلاّم خودی بەرژەوەندی لە

قورئان و شەرع دایە، بۆیە دەبێت تەنها بەڵگەگانی شەرع کاری پێ بکرێ بەوەش تەواوی بەرژەوەندی دێتە دی.!

تۆفی بێزار ببوو لەو هەموو کۆت وبەندەی فەقیهەکان دایان دەنا لەسەر پەرژەوەندی مرۆڤەکان، دەیانگووت نابێت بەرژەوەندی هەڤدژی بکات لەگەڵ دەقێکی [ئایەتێک یان حەدیسێک] ی قەتعی ثبوت و قەتعی دەلالەت [یانی ئەو ئایەت و حەدیسانەی دڵنیا بین لە ڕاستی سەلماندنی کە قسەی خوا و پێغەمبەرە، ئینجا ماناکەی یەکلاکەرەوەیە لەیەک تەفسیر زیاتر هەڵناگرێ] لەوەشیان تێپەڕاند گوتیان نابێت بەرژەوەندی پێچەوانە بکات لەگەڵ دەقێکی زەنی ثبوت و دلالەت [یانی وەک حەدیسێکی لاواز و ئایەتێکی هەڵگڕی چەندین لێکدانەوە] ئەگەر هاتوو دەقێکیتری زەنی پشتگیری کرد.

تۆفی لە وەوە دەست پێدەکات کە شەریعەت هاتووە بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکە موکەلەفەکان وەک هەموو فوقەهاکان دەڵێن. بەڵگەشی بۆ ئەوە زۆرە، لەگەڵ تەرکیزکردنێکی قوڵ لەسەر حەدیسی :لاَ ضرر و لا ضرار ![نەزیان و نە زیانلێدان] کە کردییە دەقێکی میحوەری لە تیۆرەکەیدا.

# پوختەی چەمکی بەرژەوەندیلای تۆفی

تۆفی دەڵێت ویستی خوا ئەوەیە کە زیان بە ڕەهایی دووربخاتەوە لە مرۆڤ بەبێ هیچ شەرت وقەیدێک، ئەو زیانە هەر جۆرێک بوو و لە هەر شتێکەوە بوو، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی مرۆڤەکان زامن بکات. جا چونکە مەبەست و ئامانجی بالآی شەرع بەرژەوەندیی مرۆڤەکانە، کەوابوو بەرژەوەندی شای بەڵگەکانە و بەڵگەی بەڵگەکانە، ناکرێت هیچ بەڵگەیەکیتر پێشی کەوێت. کەوابوو بەرژەوەندی بەهێزترین بەلگەیە و سەربەخۆیە بە خودی خۆی، بە پێچەوانەی فەقیهەکانی پێشوو کە دەیانگووت :[بەرژەوەندی تەنها لە نێو قورئان وسونە دایە]، تۆفی گووتی نەخێر بەرژەوەندی بەڵگەی هەرەبەرزە وسەربەخۆیە [قائم بذاتە] بۆی هەیە هەندێ جار ناکۆکیش بکات لەگەڵ دەق، لەو حالەتە بەرژەوەندی پەسند دەکرێت بەسەر دەقدا، لە ڕێگای تایبەتکردن و بەیان و ڕونکردنەوەدا واتە التخصیص و البیان.

تۆفی دەڵێت بەرژەوەندی لە هەر نۆزدە دەلیلەکانی شەرع بەهێزترە ، کە یەک یەک دەیانژمێرێت، [قورئان و سونە و ئیجماع و قیاس و قسەی سەحابە، و الاستصحاب، المصالح المرسلة، هتد.. دەڵیت ئەو دەلیلانە جیاوازی وناکۆکی تیدایە، بەلآم بەرژەوەندی هیچ ناکۆکی لەسەر نیە با دەستی پیوە بگرین، ئینجا دەڵێت بە هێزترین بەڵگەکانی شەرع [النص و الاجماع] ە، واتە قورئان وسونە و ئیجماعە، دەکرێت ئەو دوو بەڵگەیە هاوڕای بەرژەوەندی بن، لەو حالەتەدا ئەوە نیعمەتە و کێشەمان نابێ، بەلآم ئەگەر النص و الاجماع پێچەوانە بکات لەگەڵ

بەرژەوەندی، لە حالەتی پێچەوانەکردندا، پیویستە بەرژەوەندی پێشبخرێت بەسەر دەق واتە دەقی قورئان وسوونە و کۆدەنگی [النص و الاجماع] کەوابوو بەرژەوەندی بە پێش هەر دەقێک دەخات هەر جۆرێک بیت قورئان بێت، یان سوونە بیت، زەنی بێت، یان قەتعی بێت لە سەلماندن و مانادا.

## ٣

# بەرژەوەندی لە کوێ بێ، شەرعی خوا لەوێدایە!

تۆفی بەو پێشخستنەی بەرژەوەندی مرۆڤەکان بەسەر هەر دەقێک و هەر بەڵگەیەکیتری شەرع، شۆڕشە عەقلانی وئینسان دۆستیەکەی تۆفی لێرەدا دەست پێدەکات. تۆفی قسەیەکی ناوداری فەقیهەکانی پێچەوانە کردوە کە دەیانگووت: شەرعی خوا لە کوێ بێ، بەرژەوەندی لەوێدایە! ئەو گووتی : بەرژەوەندی لە کوێ بێ، شەرعی خوا لەوێدایە!

تۆفی هەستیار و وریا بوو چونکە ئەو پرنسیپەی تەنها لە بواری المعاملات کورتکردەوە و نەچووە بواری العبادات، و گووتی مامەڵەکان بۆ مرۆڤ و بەرژەوەندی مرۆڤ دانراوە، بۆیە دەتوانین بەرژەوەندی خۆمان وەک مرۆڤ دیاری بکەین، بەڵام عیبادەتەکان شتێکی ترە و پەیوەندی نێوان خودا و عەبدەکانە بۆ پتەوکردن و پەرستشکاری دانراوە کەس ناتوانێ دەستکاریان بکات.

کەوابوو دوو جۆرە ماف هەیە لای تۆفی، مافی خودا کە هەموو ئەحکامی عیبادات دەگرێتەوە، لەگەڵ مافی خەڵک کە هەموو ئەحکامی مامەڵەکان المعاملات دەگرێتەوە. بەو جۆرە مافی خوا و مافی خەڵک جیادەکاتەوە کە کەس بەر لە ئەو جیای نەکردۆتەوە.

ئینجا شتێکی زۆر گرنگیش بڕیار دەدات دەتوانین ناوی بنێین لوتکەی عەقلانییەت، کاتێ دەڵێ: **عەقڵ بە سەربەخۆیی دەتوانێ پەی بە بەرژەوەندی بەرێ و دیاری بکات.** ئەوە لە کاتێکدا عەقڵ لەلایەن زۆربەی فەقیهەکان و

مەزهەبەکان جگە لە موعتەزیلەکان هێندە سوکایەتی پێ دەکرا لەلای سەلەفیەکان ببوە موراديف و هاوواتای خودی شەیتان!

تۆفی زۆر بە جورئەتەوە ئەحکامەکانی شەرعی کردە دوو بەش ناوی نان حوکمەکانی ئامانجدار [احکام المقاصد] و حوکمەکان ئامراز [احکام الوسائل] و پێی وابوو فەقیهە ئسوڵیەکان تەنها پشت بە احکام الوسائل دەبەستن بەشێوەیەکی میکانیکی وشک تەنها مەبەستیان بالأدەستی شەرعەکەیە نەک بەرژەوەندی ئینسانەکە نەک المقاصد یان ئامانجی خزمەت وبەرژەوەندی مرۆڤ بێ. دەڵێت هەموو بەڵگەکان وئەحکامی شەرع ئامرازن، بەلأم بەرژەوەندی بە تەنها بەڵگەی المقاصدە ئامانجدارە.

لەو بارەیەدا دەڵێت: "ئەگەر گوترا بۆچی ناڵێی خودا ڕیعایەتی بەرژەوەندی عەبدەکانی کردوە بە دەق و هاودەنگی [النص و الاجماع] کردوونی بە بەڵگە بۆ زانینی حوکمەکان؟ دەڵێین ئەوە ڕاستە و ئێمەش لە عیبادەتەکاندا وادەڵێین. بەلأم لە موعامەلاتدا تای تەرازووی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی پەسند دەکرێت، چونکە ڕەچاوکردنی لە موعامەلاتدا چەقی ئامانجی شەرعە، جیاواز لە عیبادەتەکان، کە هەقی شەرعن، چۆنیەتی پێ هەڵسانی نازانرێ تەنها لە ڕێگای دەق و ئیجماعدا." ل ٢٧ [٣]

[٣] - رسالة في رعاية المصلحة للامام الطوفي. ل ٢٧

# چۆن تۆفی شەرعیەتی

# بەڵگەی بەرژەوەندی دامەزراند؟!

تۆفی پێیوابوو شەرع و دەق بە حەدیسی لا ضرر ولا ضرار [ نە زیان و نە زیان گەیاندن] مەشروعیەتی بەرژەوەندی بۆ جارێک دروست کردووە، پاش دروستبوونی بەرژەوەندی، ئیتر ئەو قۆناغەی کە پێویستی بە شەرع بوو تێپەڕاند، ئیتر لە قۆناغەکانیتری پێویستی بە شەرعیەت وەرگرتن نییە لە دەق و شەرع، وتازە بەرژەوەندی بۆتە بەڵگەیەکی سەربەخۆی قائم بذاتە. یانی بەرژەوەندی جارێک پشتی بەست بە دەق بۆ وەرگرتنی شەرعیەت، دوایی خۆی بووە بەڵگەیەکی هەرە بە هێز، ودەیتوانی زاڵ بێت بەسەر هەموو بەڵگەکانیتری دەق، لە قورئان و سونەت و ئیجماع لە کاتی ناکۆیاندا لەگەڵ بەرژەوەندی.

بلیمەتی و کارامەیی تۆفی لە چۆنیەتی بە شەرعیەتکردنی بەرژەوەندی دەردەکەوێت. دەتوانین نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، لەسەر پەیوەندی شەرع و مەسڵەحەت لەلای تۆفی، بۆ نزیک کردنەوەی لە تێگەیشتن. بۆ نموونە خەڵک نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ، و شەرعیەتی پێدەدا ببێتە دەمراستی لە پەرلەمانێکی هەقیقی، کاتێ نوێنەرەکە شەرعیەت وەردەگرێت، ئیتر ئازاد و سەربەخۆ دەبێت لە بڕیاردانی بەرژەوەندی خەڵک لە چ دایە و نییە. لەوانەیە زۆرجار خەڵک ڕاشی لەگەڵ ڕای ئەو نەبێت، بەڵام نوێنەرەکە بڕیاری خۆی سەربەخۆیانە دەدا لە خەڵک پاس ئەوەی خودی خەڵک شەرعیەتیان پێیدا بە دەنگەکانی خۆیان. ئێستا وشەی خەڵک بگۆڕە بە شەرع و وشەی نوێنەر بە بەرژەوەندی نمونەکە باشتر تێدەگەی.

سەیر لەوەدایە تۆفی پاش ئەو دامەزراندنەی بەرژەوەندی دەیگووت هیچیتر بەرژەوەندی لە بەڵگەکانی شەرع وەرناگیرێت، چونکە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی سەربەخۆیە. دەیگووت بەرژەوەندی پێچەوانەی زیانەکانە بە ڕەهایی، بۆیە دژی ئەوە بوو بەرژەوەندی بە شەرت و شروتی فەقیهەکان ببینێت لە پۆلێن کردنی بۆ بەرژەوەنی زەروری و نازەروری و ناپێویست و نەویستراو و مرسل، دەیگووت ئەو پۆلێنکردنە و مەرجانە زۆر لەخۆکردنی فەقیهەکانە، ئەگینا عەقڵ دەتوانێ بەرژەوەندی خۆی دیاری بکات.

یانی تۆفی بە تەواوی نەیاری خۆی ڕاگەیاند لە دژی ئەو بازنە داخراوەی کە دەیگووت: دەقەکان موراعاتی بەرژەوەندی دەکەن، دوایی دەیانگووت و دووپاتیان دەکردەوە کە بەرژەوەندی لە ناواخنی دەقەکاندایە! تۆفی ئەو بازنەیەی پساند و گووتی لوتکەی بەڵگەکان بەرژەوەندییە، و لەگەڵ هەر بەڵگەیەکیتر ناکۆک بوون، بەرژەوەندی پێش دەخرێت.

# جیاوازی ڕوانگەی تۆفی

# لەگەڵ بەرایییەکان

پرۆژە و ڕوانگەی تۆفی لەگەڵ ڕوانگەی فیقە و فەقیهەکانی پێشە خۆی، لە چەند ڕویێکەوە جیا بوو:

- خاڵێکیان ئەوەیە کە تۆفی زۆر بە جورئەت و بلیمەتیەوە ئاماژە دەکات بۆ ئەگەری هەڤدژی و ناکۆکی ڕوودان لە نێوان دەق و بەرژەوەندیدا، ئەوەش شۆکێکی گەورەیە بۆ جیهانبینی ئیسلامی تەقلیدی فەقیهەکانی پێش خۆی، کە دەیانگووت دەق و بەرژەوەندی قەت پێچەوانەی یەکتری ناکەن، چونکە بەرژەوەندی هەمیشە لە دەقدایە! تۆفی دەڵێ بۆی هەیە بەرژوەندی لە دەقدا نەبێت هەندێ جار، وئیمکانیەتی ناکۆکی دەق و بەرژەوەندی دەخاتە ڕوو. ئەوەش تەنها گووتنی لەو سەردەمە شۆڕشێکی مەدەنی و ئینسانی هەستیار بوو.

- خاڵێکیتری گرنگی تیۆر و ڕوانگەی تۆفی پێشخستن وپەسندانی بەرژەوەندی بوو بەسەر دەق و ئیجماع ئەگەر ناکۆکیەک روویدابا، چونکە تۆفی بەرژەوەندی وەک بەڵگەیەکی سەربەخۆی هەرە بەهێز دەبینی، کە پەسندی دەدا بەسەر هەموو بەڵگەکانیتر.

- ئینجا خاڵی کۆتایی ڕزگارکردنی بەرژەوەندی بوو لەو هەمموو مەرج و کۆت وبەندانەی فیقهی تەقلیدی باو بۆیان چنی بوو، هەروەها ڕزگاری کرد لەو پۆڵینە ناگونجاوەی بۆ بەرژەوەندی شەرعی و بەرژەوەندی عەقڵی.

٤

# چۆن ڕیفۆرمخوازان

# زیندە بە چاڵ دەکرێن لە مێژووی ئیسلامدا

لە ناونیشانی کتێبەکانی تۆفی دەردەکەوێت، کە تا پێش نووسینی ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بەرژەوەندی، لە شەرحی کتێبی چل حەدیسی نەوەوی و حەدیسی لا ضرر ولا ضرار، وەک هەر فەقیهێکی تەقلیدی ئیسلامی سوونی بووە، و لە هیچ یەکێ لە عینوانی کتێبەکانی شوبهەیەک نییە ئەو تۆمەتانەی لەسەردا بسەپێنێ کە دەیاندایە پاڵی، کە دوایی باسیان دەکەین و ڕای خۆشمانی لەسەر دەڵێین. بەڵام لەناو بازنەی ئیسلامیدا هەرهێندە لە تەبایی گشتی دەرچوویت ئیتر هێندەت لێ دەخوێنن تا زیندەبەچاڵت دەکەن، ئەوەش ڕوویدا لەگەڵ تۆفی!

تەنها جیاوازی تۆفی و فەقیهەکانیتر ئەوە بوو کە تۆفی زۆر بیرمەندێکی دینامیکی و چالاک بوو، هەردەم لە بیرکردنەوەدا بوو، ڕاستی لە کوێ دیبا باوەڕی پێدەهێنا، ڕەنگە هەر بۆیەش ئەو هەموو ناو و ناتۆرە ناسازانەیان لێناوە، لە یەک کاتدا بە حەنبەلی وڕافزی وشیعی و سوونی و زاهیری و موعتەزیلی ناسێندراوە، کە خۆی لە شیعرێکیدا گاڵتەی بەو ناو وناتۆرە لێنانەی دێت.

سەلەفییەکان دەڵێن ئەو پیاوە چونکە عەقیدەی جێگیر نەبوو، هەر ڕۆژەی شتێک بووە و لەسەر حەبلێ بووە! هەر بۆیەش سەریان لە خۆشیان شێواندوە،

ڕۆژێ پێی دەڵێن حەنبەلی و ڕۆژێ ڕافزی شیعی و ڕۆژێ مولحید و ڕۆژێ زاهیری و ڕۆأێ هتد...!

عبد الرحمن بن سليمان العثيمين سەلەفی موحەقیقی کتێبی: الذيل على طبقات الحنابلة، مجلد الخامس، ل٤١٣ لە پەراوێزەکەدا کۆمەڵێ تۆمەتی زیاتر بۆ تۆفی ڕێز دەکات و دەڵێت: بوونی ئاماژە وبەڵگەی پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی لە کتێبەکانی، گومانی تێدا نییە کە بەڵگەن لەسەر ناجێگیری وڕاڕایی لە بیروباوەڕی، و ڕاڕای لە سەرپێبوون [الانتماء]، و خێرایی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوەی گوێی لێ دەبێت، بۆیە ڕاو و پێچەوانەی ڕاکەی لێ دەبینیت هەتا ئەو قسەیەی ڕاست دەکەوێت:

حنبلي رافضي اشعري ظاهري هذه احدى الكبر!!!

ئەو سەردەمەی تۆفی تێدا دەژیا، لوتکەی بارگرژی مەزهەبی و تایفی بوو، بۆیە بچوکترین لادان لە چوارچێوەی مەقولات و بیروباوەڕی سوونی، هەزاران تۆمەتی بۆ مرۆڤ دروست دەکرد لەلایەن دەمارگرژەکان! هەر سوونیش وانەبوون، بەڵکو شیعەش وابوون، هەتا موعتەزیلەکانیش سەرەڕای کرانەوەی زۆریان و عەقلانیەتیەکی ڕاشکاویان، بەلام ئەوانیش هەر کەسێ لەوان بیروڕای لە دەورەوەی بازنەی بیرکردنەوەی ئەوانی هێنابا، بە ئاسانی لێیان قبوڵ نەدەکرد، بۆ نمونە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئیبن ڕاوەندی کە لە وتارێکدا بە درێژی باسم کردوە!

# ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ تۆفی

ناودارترین ئەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵ نجم الدین الطوفي، ئەوە بووە کە گوایە لایداوە لە تەسەنونەوە و بۆتە شیعی. با بە نموونە باسی یەکێک لەو مەلا سونییە دەمارگرژانە بە نموونە بهێنینەوە، کە ابن رجب [عبد الرحمن بن أحمد بن رجب الحنبلي ٧٣٦-٧٩٥ کۆچی] لە الذيل على طبقات الحنابلة مجەلەدی پێنجەم، چەند داخ لە دلأنە بیانەوێ مرۆڤێ بڕوخێنن، چۆن بە ناهەق دەیڕوخێنن! سەرەڕای ئەو هەموو کتێبانە لە قورسترین زانستە دینییەکان، ابن رجب پاش ژماردنی دەیەها کتێبی تۆفی دەڵیت: "....واختصر كثيرا من كتب الاصول، و من كتب الحديث ايضا، ولكن لم يكن فيه يد، ففي كلامه تخبيط"

ل ٤٠٨

تەنها لەبەر ئەوەی خوێندنەوەیەکی نوێ و کاریگەرتری هەبووە بۆ حەدیس وەک لەو توێژینەوە باسمان کرد، بۆیە کابرا دەڵێ: "کتێبێکی زۆری لە ئسوڵی فیقهی کورتکردۆتەوە و هەروەها لە کتێبی حەدیسیش، بەلأم سەری لێ دەرندەکرد، چونکە قسەکانی تێکەڵ وپێکەڵیان دەکرد."

ده ئەو پیاوه با ئەو بیرورِایه کراوه وجوانانەی نەبا دڵنیام بە قەد ئیبن تەیمیه و ابن القیم ناوداریان دەکرد، کە نەجمەدین تۆفی هاوچەرخی ئیبن تەیمیەش بوو، لە دیمەشقیش چاوی پێکەوت! ئینجا کتێبەکانی دەیسەلمێنن کە چ زانایەکی گەورە بووە لە ئسوڵی فیقه و حەدیس و تەفسیر و هەتا کلامیش.

ابن رجب  هێندە هەڤدژ و دەبەنگانە هەڵسەنگاندن بۆ نەجمەدین تۆفی دەکات، مرۆڤ سەیری بەو عەقڵیەتیە سەتحیانە دێت! دەربارەی دەڵێت: " وله نظم كثير رائق، و قصائد في مدح النبي، و قصيدة طويلة في مدح الامام احمد وكان مع ذلک كله شيعيًّا منحرفًا في الاعتقاد عن السُّنَّة حتى انه قال في نفسه

حنبلي رافضي أشعري   ظاهري هذه احدى العبر" ل ٤٠٩

واتە شعرێکی نایابی زۆری هەیە، چەندەها قەسیدەی هەیە لە ستایشی پێغەمبەر، و قەسیدەیەکی درێژیشی هەیە لە ستایشی ئەحمەدی کورِی حەنبەل، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا شیعەیەکی لادەر بوو لە بیروباوەرِی سوونە، هەتا دەربارەی خۆی دەڵێ:

حەنبەلی و رافزی و ئەشعەری   زاهیری ئەوە یەک عەجاییبێکە!

٤ - ابن رجب [عبد الرحمن بن أحمد بن رجب الحنبلي، الذيل على طبقات الحنابلة، مجلد الخامس، مكة المكرمة – جامعة ام القرى، مكتبة العبيكان. المحقق: عبد الرحمن بن سليمان العثيمين، سنة النشر: ١٤٢٥ - ٢٠٠٥

جارێ بڕوانە ئەو هەموو ناسازی و هەڤدژیەی! کەست دیوە رافزی و شیعی بێت و قەسیدەش لە ستایشی دوژمنێکی هەرە گەورەی شیعەی وەک احمدی کوڕی حنبل بنووسێ؟! ئینجا خودی شیعرەکە هاوار دەکات کە نەجمەدین تۆفی گاڵتەی بەو تۆمەتانە دێت و دەڵێت: چۆن حەنبەلی وڕافزی و ئەشعەری و زاهیری لە یەک مرۆڤدا کۆ دەبێتەوە؟! ئەوە وەک ئەوە وایە بە مرۆڤێک بڵێیت هەی ئیماندارى مولحیدی دیموکراتی کۆمەنست!

# ڕەخنەی لە عومەر گرتووە کەوابوو ڕافزییە!

ئینجا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە شیعەیەکی ڕافزییە قسەیەکی تۆفی دەهێنێتەوە دەربارەی عومەری کوڕی خەتاب، چونکە لەو سەردەمە تایفییەدا بچوکترین ڕەخنە لە بچوکترین سەحابی نەک عومەر، تاوان و کوفر بوو، سەد تۆمەتیان دەدایە پاڵ ئەوەی تۆزێک بیری کردبایەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی تایفی دیاریکراودا!

ابن رجب دەڵێت: " ومن دسائسه الخبيثة :أنه قال في شرح الأربعين للنووي: اعلم أن من أسباب الخلاف الواقع بين العلماء: تعارض الروايات والنصوص، وبعض الناس يزعم أن السبب في ذلك :عمر بن الخطاب، وذلك أن الصحابة استأذنوه في تدوين السنة من ذلك الزمان، فمنعهم من ذلك وقال: لا أكتب مع القرآن غيره، مع علمه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: " اكتبوا لأبي شاه خطبة الوداع " ، وقال " :قيدوا العلم بالكتابة " . قالوا: فلو ترك الصحابة يدون كل واحد منهم ما روى عن النبي صلى الله عليه وسلم لانضبطت السنة، ولم يبق بين آخر الأمة وبين النبي صلى الله عليه وسلم في كل حديث إلا الصحابي الذي دون روايته، لأن تلك الدواوين كانت تتواتر عنهم إلينا، كما تواتر البخاري ومسلم ونحوهما.

فانظر إلى هذا الكلام الخبيث المتضمن: أن أمير المؤمنين عمر رضي الله عنه هو الذي أضل الأمة، قصدا مه وتعمدا. ولقد كذب في ذلك وفجر."

واتە " لە دەسیسە وگزییە پۆخڵەکانی ئەو ڕایەیە کە لە شرح الأربعين النووية دەریبڕیوە و دەڵێت: بزانە لە هۆکارەکانی ناکۆکی لە نێوان زانایان بریتییە لە هەڤدژی ڕیوایاتەکان و دەقەکان، هەندێ خەڵک دەڵێن هۆکارەکەی عومەری کوڕی خەتابە، چونکە سەحابەکان مۆڵەتیان لێی خواست کە سونە و حەدیس تۆمار بکەن لەو سەردەمەوە بەڵام ئەو قەدەغەی کردن لەو کارە و گووتی: لەگەڵ قورئان هیچیتر نانووسم، هەرچەندە دەیزانی کە پێغەمبەر فەرموویەتی: وتاری ماڵئاوایی بۆ [ئەبی شاهـ] بنووسن، هەروەها دەڵێ: زانست بە نووسین تۆماربکەن.

دەڵێن: ئەگەر وازی لە سەحابە هێنابا هەر یەکەی ئەوەی نووسیبا کە گوێی لێبوو لە پێغەمبەر، سوونە مەزبووت دەبوو، هیچ کەس لە نێوان کۆتایی ئوممەت و پێغەمبەر نەدەبوو لە هەر حەدیسێک جگە لەو سەحابیەی کە ڕیوایەتەکەی لە [دەمی پێغەمبەرەوە] تۆمار کردوە، چونکە ئەو کاتە نووسراوەکانیان دەگەیشتنە ئێمە وەک بوخاری و موسلیم و ئەوانیتر.

بڕوانە بۆ ئەو قسە پیسانەی کە تێیدا دەفامرێتەوە کە ئەمیری ئیمانداران عومەر ئوممەتی گومڕا کردوە. لەوەش درۆ دەکات و فجور دەکات!"

# شرۆڤەی ئەو تۆمەتە!

بەڕاستی ڕایەکەی تۆفی زۆر گرنگە، جورئەت و بلیمەتێکی زۆری دەوێ لەو سەردەمەدا، وا لە دەرەوەی سنوری موقەدەسی حەدیس بیربکاتەوە، کە لەو زەمەنە پیرۆزییەکەی لە قورئانیش تێپەڕی دابوو، دەیانگووت السنة قاضية على الكتاب و الكتاب غير قاضی علی السنة! واتە سونەت حوکمی کیتاب دەکات، کیتاب واتە قورئان حوکمی سونە ناکات!. مەبەستی تۆفی لێرەدا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە بڵێت: یان حەدیس لە سەرەتاوە ڕێگای پێ بدرابا بنوسرێتەوە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەر، یان ببڕای ببڕای حەدیس نووسینەوە قەدەغە وحەڕام کرابا، بە پێی ئەو حەدیسانەی پێغەمبەر کە نووسینەوەی حەدیسی قەدەغە کردبوو، و حەزرەتی عومەریش لە زەمەنی خۆی قەدەغەی کرد، و دواییش لە سەردەمەکانیتری ئومەوی و عەباسی بە ڕەهایی ڕێگا بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی حەدیس بدرێ!

چونکەئەگەر لە سەرەتادا ڕێگای پێدرابا، نووسینەوەی لەو زەمەنەدا بە دەستی سەحابەکان هەرنەبێ زنجیرەی سەنەدی هێندە درێژ نەدەکرد لە جیاتی بڵێن عن فلان، عن فلان، عن فلان....یەکسەر دەوترا عن عمر قال رسول الله، یان عن علي قال رسول الله، ئەوەش بۆ زەبتکردنی حەدیس وڕیوایەتەکان باشتر بوو، بۆ تێنەکەوتنی درۆ و زیادەش بۆسەر ڕیوایەتەکە چاکتر بوو، چونکە چەندین ئەزموونی سەردەمی نوێش دەیسەلمێنن کە گواستنەوەی هەواڵێک لەناو هۆڵێکیشدا بۆ بیست سی کەس یەک بەدوای یەک، هەواڵەکە دەگۆڕێ ودەشێوێنێ و زیادە وکەمی تێدەکەوێ، چ جای لە نێوان زنجیرە کەسانێک کە لە یەکەم ڕاوییەوە بۆ دوا ڕاوی دەیەها و سەدەها ساڵیان بەین بێ!

مرۆڤ کە بڕی ئەو تۆمەتانە دەبینێ دەدرێتە پاڵ هەر کەسێ هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازی دابێ، بێ هیوا دەبێت لەناو بازنەی دیندا بتوانرێ هیچ ڕیفۆرمێک بکرێ! لەناو سوونەدا تۆمەتی شیعی بوون هەمیشە ئامادەی هەیە دژی هەموو ڕیفۆرمخوازێک! بڕۆ ژیانی ڕیفۆرمخوازان بخوێنەوە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ هەمیشە تۆمەتی شیعە بوون ئامادەیی هەبوو لەتەک تۆمەتەکانیتردا یان وەک تۆمەتێکی سەرەکی!

تۆ بڕوانە سەیر لەوەدایە تەنها لەسەر نیو دێڕ شیعرێک، و لەبەر ئەو ڕایەی کە دەربارەی عومەری گوتووە، دەیەها سەرچاوە کۆنەکانی ژینامە وتراجمی پیاوان، سەدان ناو و ناتۆرەیان لە یەک گواستۆتەوە گوایە نەجمەدینی تۆفی شیعەیەکی ڕافزی بووا ئەوە لە کۆندا دەکرێ لەبەر ژینگەی فکری ومەزهەبی وتایفی ئەو کاتە لێی تێبگەین! بەلاّم ئەوەی سەیرە لە سەردەمی نوێشدا زانایانی ئیسلام بە هەموو مەزهەب و ئاڕاستەکانەوە تۆفی یان بێبەش نەکرد لە هێرشەکانیان!

## ٥

# تۆمەتی کافر و مولحید بوونی تورکێک بۆ تۆفی!

لە هەمووان تووندتر لە هێرشەکانی بۆسەر تۆفی، شیخێکی تورک بوو بەناوی زاهد الكوثري، کە تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی  شێخێکی پایەبەرزی ئال عوسمان بوو، زۆر تووند هێرش دەکاتە سەر تۆفی  دەڵێت: "یەک لە شێوازەکانی بی باوەڕان ئەوەیە شەرع بگۆڕن بەپێی ویست و ئارەزوویان، قسەی کەسانێکە دەڵێن بونیادی شەریعە لە موعامەلات و شتی تر بەرژەوەندییە، ئەگەر دەق پێچەوانەی کرد لەگەڵ بەرژەوەندی، دەق وازی لێ دەهێنین و بەرژەوەندی پەسند دەکەین، ئەی لە دۆڕاوی وبەدبەختی ئەوەی ئەو وتەیە لە دەمی دەردەچێت و دەیکاتە بنچینەیەک شەرعی نوێی خۆی لەسەر بنیات دەنێت..

ئەوە هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی شەرع بۆ حەڵاڵکردنی ئەوەی شەرع حەرامی کردوە لە ژێر ناوی بەرژەوەندی. لەو فاجیرە بپرسن ئەوە بەرژەوەندییە چییە کە دەتەوێ شەرعەکەتی لەسەر بنیات بنێی؟ ئەگەر بەرژەوەندی شەرعییە ئەوە زانینی تەنها لە ڕێگای وەحییەوەیە هەتا لای موعتەزیلەکانیش، کە دەڵێن داوەری بۆ عەقڵ دەکەن. ئەگەر بەرژەوەندی دنیاییە،  ئەوە هیچ سەنگێکی نییە ئەگەر پێچەوانەی کرد لەگەڵ دەقی شەرعیدا..."

لە جێگایەکی تر دەڵێت: " یەکەم کەس کە دەرگای ئەو شەڕەی کردوە [ مەبەستی شەڕی پەسندانی بەرژەوەندی بەسەر دەقدا] نەجمەدینی تۆفیی حەنبەلییە کە لە شرۆڤەی حەدیسی لا ضرر و لا ضرار دا گووتی بەرژەوەندی پەسند دەکرێت لە حالەتی هەڤدژی لەگەڵ دەق و ئیجماعدا. .."

ئینجا بە ئاشکرا تەکفیری دەکات و دەڵێت: "دەبێ کێ زمانی بجوڵێنێ بە گووتنی کە بەرژەوەندی بۆی هەیە پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ بەڵگەکانی خوا لە کیتاب وسونە وئیجماعدا؟ وتنی ئەوە وەک ئەوەیە بڵێیت خودا بەرژەوەندی بەندەکانی نازانێت، وەک بڵێی خۆی لەخوا چاکتر بەرژەوندی خەڵک دەزانێ، بۆیە بە عەقڵی دادەچێت کە بەرژەوەندی پیچەوانەی ئەو ئەحکامانە بکات، کە فەرمایشتی خودان و بە زمانی پێغەمبەر پێمان ڕاگەیەندراوە، سبحان الله ئەوە ئیلحادێکی ئاشکرایە. "!

ئینجا تۆمەتباری دەکات کە بە مەبەستی شەڕ وئاشوب نانەوە تۆفی ئەو کارەی کردوە! دەڵێت: " ئەوە وتەیەی تەنها هەڵەیەک نییە بە نیازێکی پاک کرابێت، تەئویل هەڵبگرێ، بەڵکو فیتنە و ئاژاوەیەکە کەسێک ناویەتەوە بە مەبەستی شەڕ و وروژاندنی فیتنە"!

"ومن الذی ینطق لسانه بأن المصلحة قد تعارض حجج الله من الکتاب والسّّـُنة والإجماع؟ إن القول بذلک قول بأن الله لا یعلم مصالح عباده فکأنه أدری بها حتى یتصور أنه تعارض مصالحهم الأحکام التی دلت علیها أوامر الله المبلغة على لسان رسوله صلى الله علیه وسلم، سبحانک هذا إلحاد مکشوف، ومن أعار سمعاً لمثل هذا التقول فلا یکون له نصیب من العلم ولا من الدین."

"ولیست تلک الکلمة غلطة فقط من عالِم حسن النیة تحتمل التأویل، بل فتنة فتح بابها قاصد شر.. ومثیر فتن"

یانی مرۆڤێک هەوڵی ڕیفۆرمێک بدات، نەک هەر ڕەخنەباران و تەکفیری دەکەن، بەڵکو گومان لە نیازپاکیشی دەکەن، کە کەسێکە دەیەوێ ئوممەتەکەی ڕزگاری بێ لە دواکەوتوویی و کۆت وبەندی خوڕافی.

هەروەها شێخ عبدالوهاب خلاف کە موحەدیس و فەقیهێکی گەورە بوو لە میسر دەڵێت: 'تۆفی دەرگایەکی کردەوە بۆ لەناوبردنی دەقەکان، و حوکمی دەق و ئیجماعی خستە ژێر سڕینەوە بە ڕا، چونکە بەرژەوەندی دیاریکردن بریتییە لە ڕادان و تەقدیر کردنی..."

## ئەبو زەهرە:

## تۆفی شیعەیەک بوو لە بەرگی سوونە!

شێخ محمد ابو زهرة ئیمامی ئەزهەر گوایە کەسێکی کراوە ونزیکە لە فیکری موعتەزیلەوە هێشتا لە کتێبەکەی لەسەر احمد بن حنبل دەیان تۆمەت دەداتە پاڵ تۆفی!

پاش ڕەخنەیەکی زۆر لە کارەکەی تۆفی و لەو ئیجتیهادەی هێشتا دڵی ئاو ناخواتەوە بە ڕەخنە فیقهی و ئسولیەکانی بەس بکات، چونکە گۆڕەپانی دینی ئیسلامی هەمیشە دەبێت جوێن وتۆمەت وهەڕەشە ببەخشنەوە، دەڵێت:

"کەوابوو تۆفی شیعەیەک بووە و خۆی لە بەرگی حەنبەلیدا دەردەخست، لە ئسوڵ و فیقە و شتی تری نووسیوە، و فەرموودەی لێکداوەتەوە گوایە فەقیهێکی حەنبەلییە، لەکاتی شەرحی حەدیسەکانیدا بیروڕای دەخزاندە ناو لێکدانەوەکان لە پشتگیری بیروڕاکانی شیعە.

دیتت چۆن تاوانی ناکۆکی ئوممەت تا ڕۆژی قیامەت بە ئەستۆی عومەر هەڵدەگرێ. بۆیە دەڵێین کە هێرشکردنی بۆ سەر دەق، بلاۆکردنەوەی نەسخکردنی یان سنوردارکردنی بە بەرژەوەندی شێوازێکی شیعییە، بۆ سوککردنی ئەو قودسیەتیەیە کە موسڵمانان بە دەقەکانی شەرعی دەدەن! شیعەی ئیمامی پێیانوایە دەرگای نەسخکردن و سنوردارکردنی دەقەکان دانەخراوە، چونکە خوای حەکیم شەریعەتی خۆی بۆ بەرژەوەندی خەڵک هێناوە لە دنیا و ئاخیرەت، زاناترین کەسیش بەو بەرژەوەندییە ئیمامە، کە دەتوانێ

وەک پێغەمەر دەق تایبەت و سنوردار بکات چونکە جێگرەوە و وەصی پێغەمبەرە، تۆفی ئەو بیرۆکەیەی هەموو هێناوە لە نووسینەکەی هەرچەندە باسی ئیمامی نەکردوە، تا برەو بە بیرۆکەکەی بدات! بۆیە دەڵێین ئەو پیاوە لە حەنبەلییەکان نەبووە، ئەو لێکۆڵینەوەیەشی لە بەرژەوەندی نووسی بیرکردنەوەیەکی حەنبەلی نەبوو، چونکە پێچەوانەی بیری ئیمامی حەنبەل وحەنبەلیەکانە!"[٥]

٥ - ابن حنبل حياته وعصره آراؤه الفقهية، ص ٣٦٣، دار الفكر العربي.

٦

ئەخر ئەو خواگیرە بیوتبا کەوتۆتە ژێر کاریگەری موعتەزیلەکان هێشتا باشتر و ماقوڵ بوو، چونکە موعتەزیلەکان زۆر تەقدیسی عەقڵ دەکەن و ئەوانیش هەرچەندە لە بوێری تۆفی دا نەبوون لە قسەکردن دەربارەی دەقدا، بەلأم عەقڵیان پێ پێغەمبەرێکی ناوەوەی مرۆڤ بوو، بۆیە دوور نییە تۆفی بە جۆرێ لە جۆرەکان کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەوان. بەلأم بۆ کەوتنە ژێر کاریگەری شیعە، ئەوە ڕاست ناکات لە دوور ونزیکەوە نووسینەکانی پەیوەندیان بە شیعەوە نییە، من شەرحی چل حەدیسی نەوەوەییەکەم خوێندەوە، قەت ڕەبتی بە شیعەوە نییە، تەنها کابرا کەسێکی بیرئازادە زۆرجار دژەباو دەردەکەوێت!

هەر ئەو ابو زهرەیە لە پێشەکیەکەی بۆ تێزی ماستەری مصطفى زيد لە ژێر ناونیشانی" المصلحة ونجم الدين الطوفي" هەرچەندە بە ڕاشکاویش دانی پێدا ناهێنێ کە هەڵە بوە دەرهەق تۆفی و دەلێت من لەگەڵ بەرگری نووسەری تێزەکە نیم کە دەڵێت تۆفی قەت شیعی نەبوە، بۆیە لەوە دەچێت هەستی بە لاوازی هەڵوێستی خۆی کردبێت بۆیە ڕایەکی باشتر و عەقلأنیتر لەسەر تۆفی دەردەبڕێ و دەڵێت: " لە پایەی تۆفی کەم نابێتەوە ئەگەر شیعی بوو بێت، و لە عیلمیشی زیاد ناکات ئەگەر سوونی بوو بێت، ئەو لە هەردوو حالەتەکە زانایەکی قووڵ و لێکۆڵەرێکی مەزنە کە بەناو علومی ئیسلامیدا مەلەی کردوە، مەلەی شارەزا بە ڕێگاوبانەکانی، نقوم بووی ناو دەریایە پڕ شەپۆڵەکانی، و دەرهێنەری دوڕ و گەنجینەکانی"

" لا ينقص من قدر الطوفي أن يكون شيعيا ولا يزيد في علمه أن يكون سنيا فهو في الحالتين العالم العميق والدارس الذي خاض في العلوم الإسلامية خوض العارف بطرائقها ،السابح فوق بحرها المتلاطم ، الغائص المستخرج لجواهرها [٦]."

٦ - المصلحة في التشريع الاسلامي، مصطفى زيد، ص ١١

# بۆتی شیخی دەوڵەتێکی شیعی

# عەلەویش بە تۆفی دەڵێ شیعەیە!

بەلاّم ئەوەی لە هەموو پێکەنیناویتر و سەیرترە، کەسێکی وەک شێخ محمد رمضان البوطي بەو هەموو ئاسۆ فراوانی و میانڕەوییەوە، هێرش دەکاتە سەرتۆفی و ئەویش تۆمەتی شیعی بوونی دەداتە پاڵ! ئەوە لە کاتێکدا بۆتی خۆی زانا و موفتی دەوڵەتێکی عەلەوی شیعیی بوو، لە کتێبێکی وەسفی حافز ئەسەد دەکات وەک عشرة المبشرة پێیدا هەڵدەدات، و لە یەکێ لە وتارەکانیشی دەڵێت هیواخوازبووم پەنجەیەک بام لە پەنجەکانی حسن نصرالله ی سەرۆکی حزب الله شیعی! یانی ئەگەر تۆفی لەسەر ئەو نیوە دێرە و ئەو ڕایە ئاساییەی لەسەر عومەر، کە ناشڵێت ڕای خۆمە ودەڵێ: هەندێ کەس دەڵێن... ببێتە ئەو شیعییە ڕافزییە، کەوابوو محمد رمضان البوطي لەو شیعیتر و ڕافزیتربووە!

بەڵگە زۆرە لەسەر ئەوەی تۆفی نە شیعی بووە و نە پەیوەندی بە شیعەوە بووە، هەرچەندە لای من گرنگ نییە شیعی بووە یان سوونی، چونکە گرنگ ئەو بیروڕایە دەگمەنانەیەتی، کە بۆی هەبوو گۆڕانکاری زۆر گەورەی لە مێژووی ئیسلامدا کردبایە ئەگەر گوێی بۆ گیرابا، بەلاّم کە ئەو ئارگیومەنتە دەهێنینەوە، لێرەدا تەنها بۆ سەلماندنی ئەو پێوەرە نا دروستانەی نێوەندی دینی حەدیسیەکان و سەلەفیەکانە، کە چۆن هەزاران داوێن پیس وبێ بەهایان

بە پیاوچاک داناوە لە مێژووی ژینامەی پیاوەکانیان، بەڵام کەسانی خاوەن فیکر یان ئەوەی یەک بیرۆکەی جیای لەوان بوو بێت، بۆ هەتا هەتایی ڕەشی دەکەن لە نەزەر موسڵمانانندا، نەوەک سوود لە بیروڕایان وەربگیرێت!

جەمال بەنای ڕۆشنفیکر دەربارەی ئەو ڕەخنەگرانە لە تۆفی دەڵێت: " ئەو بەڕێزانە خۆیان شەکەت کردوە لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و درێژدادڕی و پەسندکاری، لە کاتێکدا پێغەمبەر ئاسوودەی کردوون کاتێ گووتی: " ئێوە زاناترن بە کاروباری دنیاتانەوە."

# هیچ هیوایەک هەیە لە چاکسازیدا؟!

کاتێک هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکانی ناو مێژووی ئایینی ئیسلامی دەخوێنمەوە، لە جەعدی کوڕی درهەم و غەیلانی دیمەشقیەوە واتە لەپێش موعتەزیلەوە، ئینجا هەوڵەکانی موعتەزیلە و ئەو هەموو زانا وفەیلەسوفانەی کە لە مێژووی ئیسلامدا هەوڵی ڕەگوڕێشەییان داوە. هەروەها کاتێ هەوڵێکی سیاسی بەهێزی جەلالەدین ئەکبەری ئیمپراتۆری کیشوەری هیندستان، و هەوڵی فیقهی تۆفی تاوتوێ دەکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامە تاڵەی کە ئیسلام و موسڵمانانی پەیڕەوکەر لە ئیسلامی تەقلیدی، کە زۆربەی موسڵمانان پێک دەهێنن، هەرگیز بە چاوی ڕەزامەندی و قبولەوە ناڕواننە ئەو هەولآنەی کە دەدرێت بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام وموسڵمانان لەو تەنگژە دینی ومێژوویی و تەشریعیانەی تێی کەوتوون. هەمیشە دەسەلآتداران مەرایی وماستاویان بۆ شەقامی ئیسلامی تەقلیدی کردووە، کە بە هیچ جۆرێک ڕەزامەندیان نیشان نەداوە بە هیچ هەوڵێکی تەنویری و ڕیفۆرمخوازی. بۆیە ئەوەی ئەو هەولآنە دەدات لە یەک کاتدا دەسەلآت و جەماوەر پێکەوە بەرهەڵستی دەکەن، هەتا ئەو دەسەلآتەی کە پشتگیریشی کردوە لە هەوڵە تەنویریەکان لە وێنەی خەلیفەی عەباسی مەئمون وموعتەزیلە، وجەلالەدینی ئەکبەری ئیمپراتۆری هندستان، هێزە کۆنخواز وتەقلیدییە دینییەکان بە تووندترین شێوە بەرەنگاریان بوونەتەوە، توانیتیان جەماوەری ساویلکە فریو بدەن بە لۆجیکی دینی و فەتوای تەکفیرردن و دەرکردنیان لە چوارچێوەی دیندا!

بۆیە دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامی هێندە تۆقیوە لە دین هەندێ جار دەسەڵاتەکە تۆزقاڵێ ئیلتیزامی دینیشی نییە، بەڵام وەک ماستاو ومەرایی بۆ شەقامی دینی ولە پێناو ونکردنی تەنگژە هەقیقیەکان، زۆر لە دینداره تەقلیدیەکان زیاتر و بە گوڕتر بەرهەڵستی هەوڵە تەنویری و ڕیفۆرمخوازیەکان دەکات.

[٧] دیمان جەلالەدینی ئەکبەر ئەو ئیمپراتۆرە گەورە و بە هێزە چۆن لەلایەن مەلا و پیاوە دینییەکان بەرەنگاری کرایەوە، وتا بوونە هۆکارێک بۆ پاشەکشەی ڕیفۆرمەکانی ولاوازبوونی هێزی دەوڵەتی. لەو دۆسێیەی تۆفییش دەبینین، چۆن زانایانی دینی لەو ساوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، هێرش دەکەنە سەر تۆفی و سەدان تۆمەتی بۆ ڕیز دەکەن، هەرچەندە ئیجتیهاد و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکەی لەناو شەریعەتی ئیسلامدا دامەزراندوە، نەک لەدەرەوەی دەق و شەرع!

زانایانی تووندڕەوی حەنبەلی و میانڕەوی حەنەفی وشافیعی و ئەوانیتریش، زۆر بە پێخۆشبوونەوە باسی لێدان وسوکایەتی پێکردن و بە گوێدرێژ گێڕانی تۆفی دەکەن لە میسر، تا ئەمڕۆش ئەو پێخۆشبوونە ناشارنەوە، کەوابوو چ هیوایەک دەبێ بۆ ئەنجامدانی هیچ جۆرە ڕیفۆرمێکی ڕەگوڕیشەیی؟!

---

[٧] بڕوانە: دۆسێی: ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان دۆسێی ژمارە (٢) نووسینی: محەمەد هەریری چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٨

بەڕای من ئەگەرچی هەوڵەکانی تۆفی بە ئەنجام نەگەیشتن، لەبەر بەرگری پیاوانی دینی بۆ هەموو گۆڕانکاریەک و هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازی، بەلاّم کاروانی زەمەن وگۆڕان هەر هێدی هێدی کۆشک وتەلاری ئایدیۆلۆژیان دەخاتە ژێر زنجیرەکانی، بۆیە بەر لە حەوت سەد ساڵ و تا ئەمڕۆ کە بە هەوڵێکی وەک هەوڵی تۆفی ڕازی نەبوون، ڕۆژێ دێ ڕەوڕەوەی زەمەن لە دەورەوەی بیری دینی تێیان دەپەڕێنێ، ئەو کاتە زۆر مەمنوون دەبن بە دۆزینەوەکەی تۆفی و باقی ریفۆرمخوازانی مێژووی ئیسلام، بەلاّم ئە کاتە کار لە کاردا ترازاوە وەک کەنیسەکانی جیهانی خۆرئاوایان لێ دێ تەنها دەبێ لە پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکانی قسە بکەن، وگۆڕەپانی سیاسەت ودەوڵەت دینی و کارەساتەکانی چۆڵ بکەن بۆ ئەوانە باشتر ئاگادار و زانان بە کاروباری دنیاوە وەک حەدیسەکەش وادەڵێ: انتم اعلم بشؤون دنیاکم!

محەممەد هەریری

٢٠١٨/١٢/١٨

لەندەن

| بابـەتـــەکان | ژ لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| ئیمام نەجمەدین تۆفی: هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا | ٧ |
| پێشخستنی بەرژەوەندی [المصلحة] بەسەر هەموو بەڵگەکانیتری تەشریع | ١٠ |
| ئیسلامییەکان لە نێوان دژایەتی و ژێر هەڵکۆڵینی! | ١١ |
| باگراواندی بەرژەوەندی لە مێژووی فیقهی ئیسلامیدا | ١٢ |
| جیاوازی چەمکی بەرژەوەندی لە نێوان تۆفی وبەراییەکان | ١٤ |
| پوختەی چەمکی بەرژەوەندی لای تۆفی | ١٦ |
| بەرژەوەندی لە کوێ بێ، شەرعی خوا لەوێدایە! | ١٨ |
| چۆن تۆفی شەرعیەتی بەڵگەی بەرژەوەندی دامەزراند؟! | ٢٠ |
| جیاوازی ڕوانگەی تۆفی لەگەڵ بەراییەکان | ٢٢ |
| چۆن ڕیفۆرمخوازان زیندە بە چاڵ دەکرێن لە مێژووی ئیسلامدا | ٢٤ |
| ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ تۆفی | ٢٦ |
| ڕەخنەی لە عومەر گرتووە کەوابوو ڕافزییە! | ٢٩ |
| شرۆڤەی ئەو تۆمەتە! | ٣١ |
| تۆمەتی کافر و مولحید بوونی تورکێک بۆ تۆفی! | ٣٣ |
| ئەبو زەهرە: تۆفی شیعەیەک بوو لە بەرگی سوونە! | ٣٦ |
| بۆتی شیخی دەوڵەتێکی شیعی عەلەویش بە تۆفی دەڵێ شیعەیە! | ٤٠ |
| هیچ هیوایەک هەیە لە چاکسازیدا؟! | ٤٢ |

# تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە:

# زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی:**

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا

**دۆسێی:**

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!

جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!

**دۆسێی:**

ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی

**دۆسێی:**

پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک

**دۆسێی:**

ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب

دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر.

# بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە ولاَتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=201506302252٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

A Series of Cultural
& Intellectual Dossiers
Dossier Number: ( 6 )


# Dossier of:

# Imam Najm Uddin Al-Tufi Another Secular Experience in Islam

Written by:
Mohammed Hariri



دۆسێی: ئیمام نەجمەدین تۆفی ،هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ئەو دۆسێیە تەواوکەری دۆسێی: ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەرە. لەو دۆسێیەدا باسی هەوڵەکەی نجم الدین الطوفي [تۆفی] دەکەین، وەک یەکێ لە بەهێزترین هەوڵەکانی ریفۆرمی ڕەگوڕیشەیی مێژوویی لەناوئیسلامدا. تۆفی خاوەنی تیۆرێکی زۆر گرنگ ودەگمەنە لەناو مێژووی زانایانی ئیسلامدا، ئەویش تیۆری پێشخستنی بەرژەوەندی [المصلحة] بەسەر هەموو بەڵگەکانیتردا. زۆرجار هەندێ لە دەقەکان ڕێگردەبن لەبەردەم کرانەوە و گۆڕان و پێشکەوتن، بۆیە کۆمەڵگا دینییەکان پێویستیان بە کەسانی بوێر و زانای وەک نەجمەدین تۆفی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی سنووری ئاسنینی دەقە پیرۆزەکان. ڕوانینی نەجمەدین تۆفی هێندە کراوە و پیشکەوتوخواز بوو، دەتوانین بڵێین کە بە دەیەها سەدە پیش کات وسەردەمی خۆی کەوتبووەوە. هەر بۆیەش دووچاری کێشەی زۆر هات، کەوتە بەر هێرشی هەموو مەزهەبەکان بەنەرم وزبروڕەقەوە. بەدەیان تۆمەتی بێ بنەمایان خستە پاڵی. لە ڕۆشنایی ئەو هەوڵانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە تاڵەی کە ئیسلام و موسڵمانانی پەیڕەوکەر لە ئیسلامی تەقلیدی، کە زۆربەی موسڵمانان پێک دەهێنن، هەرگیز بە چاوی ڕەزامەندی و قبولەوە ناڕواننە ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام وموسڵمانان لەو تەنگژە دینی ومێژوویی و تەشریعیانەی تێی کەوتوون. هەمیشە دەسەڵاتدارانیش مەرایی وماستاویان بۆ شەقامی ئیسلامی تەقلیدی کردووە، بە دەگمەن نەبێت هیچ جۆرێک ڕەزامەندیان نیشان نەداوە بە هیچ هەوڵێکی تەنویری و ریفۆرمخوازی. بۆیە لە یەک کاتدا دەسەڵات و جەماوەر پێکەوە بەرهەڵستی ئەو هەوڵە تەنویریانە دەکەن!




First Edition:
December 2018

Design: hadi hunar